هەواڵگریی:

دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا، هۆشداری دایە کارمەندانی بەوەی زۆر لەگەڵ دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان نەدوێن، بەوەی زانیاریە وورەکان ئاشکرا نەبن لەکاتی قسەکردندا لەگەڵیاندا.



ئەمریکا:

جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جارێکی تر سەردانی عێراق وهەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی دانووستانەکانی نێوان هەردوو لیستی ڕکابەر گەرمتر بکاتن بۆپێکهێنانی حکومەت.

عێراقیە:

بەهۆی دەسەلاتی نێو لیستەکەیان هەریەك لەعەلاوی و موتلەگ دەمەقاڵێ دەکەوێتە نێوانیان و، مەترسی هەڵوەشانەوە لەلیستەکەیان دەکرێت.

چاك :

بەبۆنەی ٣٠ ئاب (ئۆگستۆس) کە ڕۆژی جیهانی بێسەروشوێنکراوانە، چاودێری کوردۆساید لیستی بەشێك لە بێسەرو شوێنکراوانی کوردستان دەداتە هاوپەیمانی نێو نەتەوەیی بۆ نەهێشتنی بێسەروشوێنکردن.

بەبۆنەی کۆچی دوایی لویس کۆرفەلان

شیوعی کوردستان بروسکەی ماتەمینی ئاراستەی شیوعی چیللی دەکات



لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا سکرتیری گشتی پێشووی حزبی شیوعی شیللی لویس کۆرفەلان لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا لە سانتیاگۆی پایتەختی شیللی کۆچی دوایی کرد. لویس کۆرفەلان لەساڵی ١٩١٦ لە دایك بووەوە هەر لە تەمەنی ١٦ ساڵیەوە پەیوەندی بە حزبی شیوعی شیللیەوە کردووەو سەرەتا لە ڕۆژنامەی زمانخاڵی حزبدا کاری کردووەو پاشان بۆتە سەرنووسەری و بە دریژایی تەمەنی لە چەندین بواری جیاوازدا کاری کردووەو لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٩ وەك ئەندامی ئەنجوومەنی شارو پاشانیش وەك سیناتۆر لە پەرلەمان هەڵبژێردراوە.

لویس کۆرفەلان بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە زۆر جار دووچاری بەندکردن و دەرکردن بۆتەوەو لە ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتادا، سیمبۆلی تیکۆشان بووە لە لایەن گەلانی ولاتانی ئەمریکای باشوورەوە.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم سەرکردە شیوعییەوە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی شیللی کردو پاشانیش لە لایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو حزبەوە سوپاسنامەیەك ئاراستەی حزبی شیوعی کوردستان کرا.

ئەمەی خوارەوە دەقی پرسەنامەکەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی کوردستانە

بۆ هاوڕییانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی شیللی هاوڕییانی ئازیز

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەوالی کۆچی دوایی هاوری لویس کورفەلان، سکرتیری پێشووی حزبی شیوعی شیللیمان پێگەیشت. کە لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا لە سانتیگۆی پایتەختی شیللی کوچی دوایی کرد. ئیمە لە حزبی شیوعی کوردستان پرسەو سەرەخوشی ئاراستەی هاوڕییانی حزبی شیوعی شیللی دەکەین.

هاوری لویس کۆرفەلان بە دریژایی تەمەنی وەك ماموستا، ڕۆژنامەنووس کەسایەتییەکی سیاسیو ڕۆلیکی سەرەکی و گرنگی لە ژیانی سیاسی شیللی و ولاتانی ئەمیرکای لاتیندا بینیوەو سەرسەختانە لەپێناو دیموکراتی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتیدا تیکۆشاوە.

لەو کاتەی لویس کورفەلان سەرکردایەتی حزبی دەکرد، حزبی شیوعی شیللی ڕووبەڕوی ڕژیمی دیکتاتوری پینۆشی بوویەوە توانی کۆتایی بە یەکیك لە درندەترین ڕژیم لە میژووی نویدا بهێنیت و لە هەولبدات بۆ دابینکردنی کومەلگایەك کە زیاتر دیموکراتی و عەدالەتی کومەلایەتی تیادا فەراهەم بیت.

ئیمە لە حزبی شیوعی کوردستان تیکوشانی ئەم سەرکردە شیوعیە لە پیناو ئازادی و دیموکراتی سوشیالیستیدا هەرگیز لەبیر ناکەین.

دووبارە پرسەو سەرەخوشیمان ئاراستەی سەرجەم هاوڕییانی حزبی شیوعی شیللی دەکەین.

هاوڕییانتان
کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان
هەولێر
١٥ ئابی ٢٠١٠

هاوڕییانی ئازیز لە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان- عیراق

لە ڕیگەی ئەم نامەیەوە سوپاسی حزبی شیوعی شیللیتان پی ڕادەگەیەنین بە هوی ناردنی پرسە نامەکەتانەوە.

هەروەها پرسەنامەکەتانمان ئاراستەی خانەوادەی لویس کۆرفەلان کرد.

هاوڕییانتان،
لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوە
حزبی شیوعی شیللی
٢١ ئاب ٢٠١٠

حزبی شیوعی کوردستان

١٥ مین ڤیستیڤاڵی شیوعی لە دانیمارك پیرۆز دەکات

بەریزان لیژنەی ئامادەکاری پانزەهەمین فیستفالی شیوعی لە دانیمارك

بەریزان هاوڕیانی حزبی شیوعی لە دانیمارك هاوڕییان

بەڕێزی دڵخوشییەوە داوەتنامەکەتانمان پێگەیشت بۆ بەشداریکردن لە پانزاهەمین فیستفالی شیوعیەکان لە دانیمارك کە بەهاوکاری هەردوو حزبی شیوعی دانیمارك و حزبی شیوعی لە دانیمارك ڕیکخراوە.

پاش سوپاسی بێ پایانمان بۆ داوەتنامەکەتان دەمانەوی ئاگادارتان بکەین حزبی شیوعی کوردستان بەشداری ڤیستڤالەکەتان دەکات.

حزبی شیوعی کوردستان هەمیشە لەو باوەڕدایە کە تەزامنی نیوان حزبە شیوعیەکان و چەپەکان فاکتەریکی سەرەکیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابووری جیهانی و زامنکردنی ئاشتی و عەدالەتی کومەلایەتی لە جیهاندا.

هەروەها دەمانەوی دوپاتی بکەینەوە کە حزبی شیوعی کوردستان هەمیشە ئامادەی هەمور جورە پەیوەندی و هاوکاریەکە لەگەڵ حزبی شیوعی دانیمارك و حزبی شیوعی لە دانیمارکدا.

هیوای سەرکەوتن بۆ ئیوەو فیستیفالەکەتان دەخوازین

حزبی شیوعی کوردستان-عیراق
هەولێر

١٦ی ئاب ٢٠١٠

هێرش بۆسەر ئێران بەهۆی بەرنامەکەیەوە ئەگەرێکی بەهێزە

ڕاپۆرتی : محەمەد چاوشین

ئەیاد عەلاوی ڕایگەیاند کە بۆ عێراق مایەی قەبوڵکردن نییە " لەگەڵ ئێرانێکی تەیارکراوبە چەکی ئەتۆمی دراوسێ بێ" ڕوونیشی کردەوە کە "ئەگەری هێرش بۆسەر ئێران بەهۆی بەرنامە ناوکیەکەیەوە ئەگەرێکی بەهێزە" بەبڕوای ناوبراو هێرش بۆسەر ئێران گرژی و ئاڵۆزیەکی زۆر لەناوچەکە بەڕپا دەکات. عەلاوی جەختیشی دەکاتەوە کە دەبێ ڕۆژئاوا سیاسەتی خۆی لەسەر تاسەری ناوچەکە بگۆڕێت.

بەبڕوای ئەیاد عەلاوی تارمایی شەڕ لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وئەمریکاش نیشتوە.بەگوتەی ئەو سیاسەتمەدارە "ئێمە لەگەڵ قەیرانێکی هاوشێوەی بارودۆخی کوبا لەساڵی ١٩٦٢ نزیك دەبینەوە و لەهەموو شوێنێکەوە بۆنی شەڕ دێت."

ئەیاد عەلاوی لە وتووێژێکدا لەگەڵ گۆڤاری شپیگل ی ئەڵمانی،ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئێران تێبگەبەنن کە بە ردەوامبوون لەسەر بەرنامە ناوکیەکەی هیچ قازانجێکی پێ ناگەیەنێت.

عەلاوی کە یەکێکە لە کارەکتەرە سیاسیە دیارەکانی سەر شانۆی عێراق، ڕەخنەی لە سیاسەت و کارکردی وڵاتانی ڕۆژئاوا گرت وگوتی"ئەمریکا و ناتۆ و وڵاتانی ئەوروپایی پێویستە سیاسەتی خۆیان لەسەرجەم ناوچەکانی ئاسیای ناوەند و خۆرهەڵاتی ناوڕاست، لەبنچینەوە بگۆڕن."

عەلاوی گوتی"سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم هەرلەسەرەتاوە لەسەربنەمایەکی نادروست دارێژرا، بەوشێوازی بەرەنگاربوونەوەیە نەك هەرتاڵیبان لە ئەفغانستان شکستی پێنەهێنرا،بەڵکو بەهێزتر بوو.تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدەش بەهێزتر بووە."

عەلاوی پێ ی وایە ، پەرەسەندنی تووندوتیژیەکانی عێراق لەخۆڕانییە ،بەڵکوسیستەماتیك و ڕێکخراوە. ژمارەی گرووپە تووندڕەوەکان بەردەوام لەزیاد بوونداو، هەروەها عەلاوی دەڵێ"پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لەڕووی سیاسیەوە زۆر گرنگە ،بەڵام درەنجامی خراپیشی بەدواوەیە ، هێشتا لە عێراق نە دەسەڵاتێکی سیاسی پتەو بوونی هەیە ،نە هێزێکی ئەوتۆش هەیە کە بتوانێ سەقامگیری لەعێراق بچەسپێنێت."

ماوەی چەند هەفتەیەکە لەگەڵ پاشەکشەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لەعێراق تەقینەوە کانیش پەرەیەیان سەندووە.ئەیادعەلاوی هاوشێوەی زۆرێك لە کاربەدەستانی تری عێراق ،باوەڕی وایە کە چونەدەرەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعێراق، وزەی زیاتر بەبەر هێزە تووندڕەو و تیرۆریستیەکان دا دەکات و کاراتر دەبن ،بەو هۆیەشەوە کوشت وکوشتار و تەقینەوەکانیش زیاتر درێژە پێدەدەن.

بەگوتەی عەلاوی ئێستا لە عێراق بارودۆخێك هاتۆتە پێش کە کەس متمانەی بەکەس نییە وداهاتووی عێراق و ناوچەکەش لێڵ و تاریکە.

پرسەنامە

بەڕێز مامۆستا خەلیل ئیبراهیم نەورۆز

هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان لە دڵەوە خەفەتباری کردین، پرسەو سەرەخۆشیمان قبوڵ بفەرموونو هیوادارین ئەمە دوا ناخۆشی بەڕێزتانو خانەوادە ماندوونەناسەکەتان بێتەو سەبرو ئارامیتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان
٨/٢٠١٠ /٣١

بۆ بەڕێز مامۆستا خەلیل ئیبراهیم نەورۆز

بە خەمو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی ئێوەی بەڕێزمان پێگەیشت، ئەم هەواڵە دڵگرانی کردین، هاوبەشی خەمتانین، هیوادارین ئەمەدواکۆستی بنەماڵە بەڕێزو تیکۆشەرەکەتان بێت.

مامۆستایانی پیشەیی کوردستان
هەولێر ٣١ی ئابی ٢٠١٠

بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنیانەوە شاندێکی حزبمان سەردانی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانیان کرد

ڕۆژی ٢٨ /٨/ ٢٠١٠ شاندێکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان محەمەد شێخانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو هاوتا ڕەسول ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی حزبمان حزبی شیوعی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستانیان کرد ، لەلایەن بەڕێز سکرتێری بزووتنەوەو ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی پێشوازی کران.

لە دیدارەکەدا هاوڕێیان بە بۆنەی (١٥) ساڵڕۆژی دامەزراندنی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان پیرۆزبایی گەرمی حزمانیان پێڕاگەیاندنو هیوای سەرکەوتنو بەرەوپێش چوونیان بۆ خواستن لەپێناو خزمەت گەیاندن بە گەلەکەمان.

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

بەڕێزان لە مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی
بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
سلاوێکی گەرم...

بە بۆنەی دامەزراندنی (١٥) هەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوە تێکۆشەرەکەتان، بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، بەناوی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی حزمان (حزبی شیوعی کوردستان) پیرۆزبایی گەرمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو سەرجەم ئەندامو دۆست و هەوادارانتان دەکەینو ئاواتی سەرکەوتنو بەرەوپێش چوونتان بۆ دەخوازین لەپێناو وەدیهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، جارێکی تر لەم بۆنەیەدا جەخت لەسەر دۆستایەتیو پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوولا دەکەینەوە.

دووبارە پیرۆزە

مەکتەبی سیاسی
حزبی شیوعی کوردستان

هەرگێکی ناوەخت و خەمێکی قوڵ لە چلەی گوڵە نیرگزێکدا

بۆ هاوڕێ.. هێمن و سەلارەکەم.. هاوڕێ مونزر.. مەرگت چی مەرگێکی ناوزەند بکەم.. مەرگی ناوەخت مەرگی ئالۆ هەڵگرێکی نێونەتەوەی ئەم دەڤەر..مەرگی لاوێکی خوێن گەرم و تازە هاتووە مەیدانی شارەکەی حاجی کلاوە ش و.. حەمەلەتیف جەلەولای..

کۆچی پەلەت وای کرد نازانم لە کوێوە دەست پێ بکەم لە مانگە بچکۆلە و تازە دروستکراوەکەت ..یاخود بارەگا لەدوای خۆت بێ نازەکەت.. یاخود چاوەڕوانی ڕۆژانەی سێ کۆڕپەلەکەت کەلەکاتی گەڕانەوەت لە بارەگا تاوەکو لە ئامێزیان بگریت.. ئەمانە بۆ من سەرباری مردنت لەدوای کۆچی ناوادەت خەمی قوڵن.. تراژیدیان ..تراژیدیایەك بڕوا بکە لەناخەوە هەژاندمانی

جارێ زوو بوو بۆ کۆچی ناوادەت کارمان زۆر لە پێشە بۆ خزمەتی هەژارانی ئەم دەڤەرە ...

ئازیزەکەم ئەم جەنگڵستانەت بۆ کێ بەجێهێڵا .. جارێ زوو بوو بۆ دەست لە ملانێ کردنت لە گەڵ شەهید قحگانی برات... کەبەدەستی شەمشەمە کوێرەکان تیرۆرکرا دیارە بریات دابوو یەکەم جەژن پێکەوە بکەن وای چی جەژنێك تەنها قەدەر ئەندازیاری بوو...

واجەژنەو من لە خەمی ئەوەم چۆن و چی لەگەڵ خۆم بەرم بۆ سێ پەپولە بە جێماوەکەت کەهیچ نەبێت تۆزێك..(بۆن .. نانا.. ڕەنگ..نانا سۆزی .. تۆی لێبێ..تاوەکو ڕابردوو بە سنگیەوە بگرن و ئۆقرە بگرن). من لە کوێ پارچەیەك لە کراسەکەی یوسفم دەسکەوێت تاوەکو سۆمای چاویان ڕون بێتەوەو فرمێسکەکانیان بسرێتەوەو هەنسکەکانین کەمبێتەوەو برینە قوڵەکەیان بۆ ساتێکیش سارێژ بێتەوە دڵنیابە من ئەوەی پێمە تەنها وەفاو خۆشەویستی و بەردەوامبوون و سڵاوی هاوڕێنایە بۆیان

بنوە هاوڕێکەم بەئارامی چاولەیەك نێ لە دوا مەنزڵگای ئەبەدی
مااڵ ئاوا...هاوڕێکەم مااڵ ئاوا

هاوڕێ جەوهەر/ خانەقین ٣٠ /٨/ ٢٠١٠

لەرەمەزاندا زیاد دەکات..... درێژە

سواڵکردن هەموو کەلەبەرێکی ئەم وڵاتەی گرتۆتەوە، نەتوانراوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بکرێت

جوانە مەحمەد ژنێکی تەمەن بیست و دوو ساڵە لە بازاری کەلارسەرقاڵی شت کڕین بوو ،نیگەرانە لەوەی کە بەجارێ دە منداڵت لێ کۆدەبێتەوەو داوای سواڵ دەکات،وتی"بازاڕەکە پڕبووە لەمنداڵی سواڵکەر و ژنی گەورەیش بەبیانوی سواڵەوە ڕویان لەم شارەکردوە ،حکومەت هەقوایە ئاوڕ لەو هەژارانە بداتەوە ،تاوەکو هیچ نەبێت ئەو دیاردەیە کەم ببێتەوە ،وتیشی"نازانم بۆ پۆلیس و ئاسایش گوێیان نادەنێ".

سەرۆکی لقی گەرمیانی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان سواڵکردن بە دیاردەیەکی گەورەو بەربلاو دەزانێت لە کۆمەڵگای کوردیدا ،دەڵێت"دیاردەی سواڵکردن هەموو کەلەبەرێکی ئەم ولاتەی گرتۆتەوە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نەتوانراوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بکرێت و ڕێگری لێبکرێت ،عەباس مەحمود ڕوونی کردەوە ئەو دیاردەیە گەورەترین قەیرانی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی ڕەوشتی پەروەردەیی نێو کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە"بێ سەرپەرشتیکردن ئەو منداڵە بێ نازانەی کە لەگەڵ ئەو کەسانەدان کە خۆیان دەربەدەرو بێ نیشتەجێیی ئەم شارو ئەو شاربونە ،کە زورجار خۆمان بەچاوی خۆمان بینیومانە کە ڕۆژانە چەندین جار توشی دیاردەی ناشرین و بەدڕەشتی بونەتەوە ،کە ئەمەش بۆخۆی داروخانی کەسایەتی و دەرونی و بێ بەهای ئەو کەسانەی لێ دەکەوێتەوە دروستکردنی کەسایەتی نەشازو نەشیاوی دور لە پەروەردەی ئەو منداڵانەی لێ دەکەوێتەوە کە لەگەڵیاندان.

ئەو شارەزایە ئاماژەی بەوەشکرد ئەو کەسانە سواڵ دەکەن لەروی دەرونی و کۆمەڵایەتیەوە پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا لەدەست داوەو گوێیان لە هیچ نییەو هەستی شەرمکردنیانیش لەدەستداوە ،دەڵێت"ئەو سواڵکەرانە چەند پێویستیان بەسواڵکردن نەبێت ،بەڵام وەکو ئالودەبون پێوە ناتوانن وازی لێبهێنن ،چونکە نەفسیان وا ڕاهاتوەو ڕێگەیان پێ نادات ئەگەر بێت و مولکی هەموو دنیایان پێ بدەیت هەر هەستیان دەجوڵێ بۆ سواڵکردن وەکو پێشینان وتویانە"سواڵکەر بێت بە شا چاوی لەسواڵە".

سەرۆکی لقی گەرمیانی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان باسی لەوەیشکرد کە حکومەت دەتوانێت ڕێگە بگرێت لە زیادبوونی ئەو دیاردەیە هەر وەك دەڵێت"حکومەت دەتوانێت لە ڕێگای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیەوە موچەیەکیان بۆ دابین بکات کە بەشی بژێوی ژیانیان بکات،یاخود ئەو کەسانەی لەدەرەوە ئەخەون حکومەت هەولّی بۆ بدات شوێنی نیشتەجێ بون و چاودێریان بۆ دابین بکات،یان کۆبکرێنەوەو لە شوێنێکی تایبەت بەخۆیان نیشتەجێ بکرێن بۆ ئەوەی کەلتورو نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەسەنی کۆمەڵگا تێك نەدەن.ناوبراو داواکاربو لە حکومەتی هەرێم یاسایەکی تایبەت بە سزادانیان دەربکات.